## (( بەیــان ))

### دەربـارەی هەڵەیـەکی چاپەمـەنی کـە کەوتووەتــە ناو یاسـای ژمـارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٠ یاسـای دیــوانی ریقابـەی دارایی هـەرێمی کوردسـتانی عێـراق

پـشت بـە حـوکمی مـاددەی هەشـتەم لـە یاسـای ژمـارە (٤)ی سـاڵی ١٩٩٩ی بڵاوکردنەوە لە جەریدەی رەسمیدا ( وەقایعی کوردستان ) ، لە بەرئەوەش کە هەڵەیەکی چاپ لـە دەقی مـاددەی شەشـەمی یاسای ژمـارە (١٤)ی دیوانی ریقابـەی دارایـی سـاڵی (٢٠٠٠)ی هـەرێمی کوردسـتانی عێراقـدا رووی داوەو ، لـە کـاتی چـاپکردندا برگـەی (سێیەم و چوارەم )ی ئەو ماددەیە بەر چاپ نەکەوتووەو لە دەرهێنانی مەتنی ماددەکەدا بـە دیـار نەکـەوتووە ، لەبـەر ئـەوە ، پێویـستە ئـەو هەڵەیـە ، لەبـەر رۆشـنایی ئـەوەی کـە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە پێی مـەحزەری دانیشتنی ژمـارە (٢٠)ی رۆژی (٦/١٢/٢٠٠٠)ی خـۆی ئیقراری کـردووە ، لەبـەر ئـەوە مـاددەی شەشـەمی یاسـای ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٠ ( یاسای دیوانی ریقابەی دارایی هەرێمی کوردستان . عێراق ) بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە :

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان

**ماددەی شەشەم :** دیوان لەمانە پێك دێت :

www.mojkurdistan.com

یەکەم :

١. سەرۆکی دیوان : دەبێتە سەرۆکی ئەنجومەن .
٢. نوێنەری سەرۆك : دەبێتە نوێنەری سەرۆکی ئەنجومەن .
٣. بەرێوەبەرە گشتییەکان : دەبنە ئەندامانی ئەنجومەن .

دووەم : بەرێوەبـەرێتی گـشتیی کاروبـاری ئیـداریو یاسـایی و هونـەریی دیـوان ، بەرێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتیی دەکا ، ئەرکەکانی ئەمانەن :

١. ئامادەکردن و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی ئیداریو داراییو یاسایی بۆ پێکهاتەکانی دیوان .

٢. ئەو ئەرکە هونـەریو پیشەییانەی کـە بـۆ ئیش و کـاری ریقابـە پێویـستن ، هـەروەها لێکۆڵینـەوەی شـێوەو شـێوازی بـەرەو چـاکتر بردنـی ئیشوکاری ریقـابەو ، زیـاتر چوسـت و جـۆکردن و بەرزکردنـەوەی پلـەی ئـەداکردنی ئیشوکار بە شێوەیەکی هـاو کۆمـەکیو هاوتـەگبیر لـە گـەڵ بەرێوەبەرییـەکانی دیکەی دیواندا ، لەم بەرێوەبەرییانەی خوارەوەش پێك دێت :
   - أ- بەرێوەبەرێتی کاروباری ئیداریو یاسایی .
   - ب- بەرێوەبەرێتی ریقابەو کاروباری هونەری .

سێیەم : دایـەرەکانی تـەدقیقکردن : هـەر دایـەرەو بەرێوەبـەرێکی گـشتی یـان ژمێریـارێکی یاسایی یەکەم سەرۆکایەتیی دەکاو ، ژمارەییێ لـە کەرتـە بزاڤـی ( الأنشگە القگاعیـە ) تایبەت بە خۆی کە ئەنجومەن بە پێی پێداویستی ئیشوکاری ریقابی ئیقراری دەکا هەڵدەسوورێنێ ، کە بریتین لەم دایەرانە :

أ- دایەرەی بزاڤی پیشەسازی و کشتوکاڵی .

ب- دایەرەی بزاڤەکانی خزمەتگوزاریی گشتیو ئاوەدانکردنەوە.

ج- دایەرەی بزاڤەکانی پارەدارکردن ( التمویل ) و دابەش کردن و شیرکەتەکان .

چوارەم : نووسینگەی سەرۆکی دیوان : فرمانبەرێ بە پلەی بەرێوەبەر سەرۆکایەتی دەکا .

١. ئەنجومـەن لەمانـە پێـك دێـت : سـەرۆکی دیـوان دەبێتـە سـەرۆکی ئەنجومـەن و نوێنەری سەرۆك دەبێتە نوێنـەری سـەرۆکی ئەنجومـەن و ، بەرێوەبـەرە گشتییەکان دەبنە ئەندامانی ئەنجومەن .

٢. ئەنجومـەن لـە کـەمی مـانگی جارێـك لەسـەر داواکـاریی سـەرۆك کۆدەبێتـەوەو ، (نیـصاب)یـش بـە ئامـادەبوونی زۆرینـەی ئەنـدامانی دێتـەجێو ، بریارەکـانیش بـە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان دەدرێو ، کاتێکیش دەنگەکان هاوتا بن ، ئەوە ، لـەو بارەدا دەنگی سەرۆك بۆ کام تایان بێ ، هی ئەوە .

د. رۆژ نوری شاوەیس
سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق